کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە



سەدان (دوعا) ی تر چاوەڕوانی هەمان مەرگن....

لە دوایی شەهید کردن و لەناوبردنی ئەوینێکی بێگەرد و دڵپاکی کیژەلاوی ئێزدی (دوعا) ،بینیمان بە دەیان ووتار لە لایەن ژنان و پیاوان نوسراون و هەست و بێزاری و سەرسوڕمانی خۆیان لەم کارە دڕەندانەی سەدەی بیست و یەکەم دەربڕییوە، کە جێگای داخێکی لەبن نەهاتووە لە دڵی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و بەویژدان، بەڵام مەخابن هیچ لەم ووتارانە تەنها بۆ ساتێک ئاهێکی ئاسودەیی بە دڵی شکاوی هاوخەمان وزۆرلێکراوانی ژنانی چەوسێنراو و شەهید کراو ناهێنێ ، چونکە ئەمە یەکەم ڕوداوو نیە لە کوردستان و دوا ڕوداویش نابێت ، بە سەدان کیژۆڵە و ژنانی دەروون پاك و بە ڕەوشت بوونەتە قوربانی ئەم داب و نەریتە بێزەرەوەیە ، زۆر جار مردن یان شەهیدکردنیان باشترە لەوەی ڕۆژانە ژیانیان لێ بکرێتە دۆزەخ و بە هەموو شێوەیەك بچەوسێنرێنەوە و هیچ حسابێکی مرۆڤیان بۆ نەکرێت، سەیر لەوەدایە هەندێ لە نوسەرانە دەناسم ،کە لەو بارەیەوە ووتارییان نوسیوەو داوای مافی ژنان دەکەن و داوای دادگایی کردنی تاوانباران دەکەن ،بەڵام خۆیان لە ژیانی هاوسەری و خێزانیدا بە دەیان گیرگرفتی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ هاوسەر و کچەکانیان هەیە ،لەگەل ئەوەی چەندەها ساڵە لە ئەوروپا دەژین وەیان هاتوو چۆی ئەوروپا دەکەن، زۆر جار ناوناتۆرەش لەو پیاوانە دەنێن کە ڕێز بۆ ژنان یان کچان دادەنێن و بە ترسنۆك و ژنانی ناویان دەبەن. لە بەر ئەوە ئێمە زۆرتر پێویستمان بە کردار هەیە نەك ووتار یان ووشەی بریقەدار بۆ هەڵخەڵەتانی خۆمان و دەوروپشتەکەمان ، ئەی بۆ ئێمە لە خۆمانەوە دەست پێ نەکەین و هەوڵی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی نەدەین و چاوێك بەخۆماندا نەخشێنینەوە، بەڕاستی ئێمەی پیاوان زۆر دڕەندەترین لە دڕەندەترین ئاژەڵی کێوی سەر ڕووی زەمین، بە سەدان کیژانی کوردستان بە دەست باوك یان برا و خزم و کەس و کارەوە لەناو براون بە ناوی پاراستنی ڕەوشتەوە . نازانم کامەیان بەدڕەوشتیە ؟ لە ناوبردنی دڵێکی ئەویندارى پاك ، یان هەڵبژاردنی خۆشەویستێك بۆ هاوسەری ژیان، یان فرەژنی و ژن بە ژن و بەزۆر شوو دانی کچان بە پیاوانی تەمەن گەورەتر؟؟؟ وە یان داوێن پیسی و خۆفرۆشتن بە دوژمنانی گەل و وولات ؟؟؟؟؟ هتد .........

لە ڕاستیدا پێویستە ئێمە لۆمە ی خۆمان بکەین ،کە تاکو ئێستا چیمان کردووەو نیازمان وایە بۆ لەمەودا چی بکەین تاکو چەندەها (دوعا) تر لە ناونەبراون ؟

ئایا تەنها بە ووتارێکی ناڕەزایی یان نوسینی هۆنراوەیەك یان ووتنی گۆرانییەك بۆ ئەو تاوانە گەورەیە ، چارەسەری ئەم داب ونەریتە نەگریسە دەکرێت ؟؟؟

وە یان پێویستیمان بە هەوڵ و تەقەلاییەکی زۆرە بۆ ناچار کردنی دەسەڵاتدارانی

کوردستان و ئێراق بۆ هێنان ونوسینی یاساییەکی توند وتیژ بۆ ڕێگرتن لەو کارە نامرۆڤایەتیە و چیتر نەهێڵیین کیژان و ژنانی کوردستان سوکاییەتیان لەلایەن ئەو دەروون نەخۆشانە پێ بکرێت.
لە ڕاستیدا ئەم ڕەفتارە نالەبارە لە مێژووی کوردستاندا نەبووە و خوویەکی دزراو و هێنراوە لە لایەن داگیرکارانی کوردستانەوە ،لەبنەڕەتدالە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام لەسەردەمی نەزانیندا(جەهالەت) لە نیوەدورگەی عەرەبستان ئەم خووە ناشیرینە هەبووەو بڵاو بۆتەوە ، چونکە مێژوو بۆمان دەگێڕیتەوە کە ئازادی ژنانی کوردستان لە ناوچەکەدا دیار بووە ،بۆ ڕاستی ئەمەش چەندەها بەسەرهاتی خۆشەویستی ڕاستەقینە ڕوویداو و بۆتە ئەفسانەیەکی زیندوو ،دەماودەم و نەوە بە نەوە گێراویانەتەوە .
جگە لە بونی یاسایەك ، پێویستە هەموو ڕێکخراوەیەکی مافی مرۆڤ و ژنان و پیاوانی دیموکراتخواز بکەونە خۆ بۆ نواندنی جۆرەها چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتوری بە تایبەتی لە ڕێگایی ڕاگەیاندنەوە وەك کەناڵە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامە و کۆڕ وکۆبوونەوە و هوشیارکردنەوەی کیژان و ژنان و کردنەوەی دەزگاییەك وەك ( دەزگای ئازادی و یەکسانی بۆ پاراستنی ژنان) و گرتنە خۆی هەموو کیژ و ژنێك و پاراستنیان لە کەس وکارییان ، مەرجیش نیە شوێنەکانیان گەورە و ئاشکرا بێت ،دەتوانتێت چەند خانوییەکی بچوك بێت بۆ شاردنەوەیان و وا بە ئاسانی لەلایەن ژن کوژانەوە نەدۆزرێنەوە.
ئەرکی سەر شانی دەسەڵاتدارانی کوردستانیشە چیتر بێ دەنگ نەبن لەم ڕەفتارە نالەبارانە و خوڕەوشتی خێڵاییەتی وەلا نێن و تازەکارییەك بهێننە ناو گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە و ئەو سەربەستیەیی خۆیان هەیانە با بە ژنانیش ڕەوا ببینن و هەنگاوێك بهێنرێت بۆ کۆمەڵگاییەکی یەکسان و بەختەوەر ، تا ئەم یەکسانییە نەهێتە دی ،هەرگیز کۆمەلگاییەکی پێشکەتووخواز نابینین و هەر وا لە گۆمی نەزانین و دواکەووتیدا نقوم دەبین و ڕزگاربوونمان مەحاڵە ، چونکە وولات تەنها بە دروستکردنی شەقام و کۆشك و تەلاری جوان و ڕازاوە ناچێتە پێش ،ئەگەر شان بە شانیدا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و زانستی هەڵنەگیرسێت ، با بێگانە نەمان خەنە هاوشانی ڕژێمی دواکەوتووی لەناوچووی تالیبانی ئەفغانستان ، بە سووکی تێمان نەڕوانن ، تا لە ووڵاتەکەشماندا سەدەها کیژۆڵەی تری وەك (دوعا) چاوەڕێی مەرگ نەبنەوە ،با ئەوانەش کە بەدەستی دڕەندەترین ئاژەڵ شەهید کراون ئاهێکی بەختەوەری هەڵکێشن و بە ئاسودەیی بۆ هەتا هەتاییە چاو لێك بنێن..

خەبات لاوباخ
2007-4-30
بەرلین